
# تەلەڤزیۆنەكانی داهاتوو چۆن دەبن؟

تەلەڤزیۆن هەروا دەڕوات بەرەو پێشەوە، قۆناخەكانی پێشكەوتنی تەلەڤزیۆن و موبایل و هەندێك ئامێری دیكە ئەوەندە خێران كە ئەوەی ئەمڕۆ دەبینین سبەی كۆن دەبێت.. كۆمپانیای LG لە پیشانگای ساڵانەی CESدا، تەلەڤزیۆنێكی خستەڕوو كە پێی دەگوترێت تەلەڤزیۆنی ئایندە..

تەلەڤزیۆنی ئایندەی كۆمپانیای ناوبراو پێی دەگوترێت ThinQ بە هۆیەوە دەتوانی سەدان فەرمان بە دەنگ بە تەلەڤزیۆنەكە بكەی. لەگەڵ ئەوەشدا دەكرێت وەك ئامێرێكی پێشكەوتوو بۆ كۆنترۆڵكردنی ئامێرەكانی ماڵەوە سوودی لێوەربگری، وەك كۆنترۆڵی، گەسكی كارەبا، سیستەمەكانی گەرمی و ساردی، پاڵاوتنی هەوا، رووناكی، سپیكەرە هۆشمەندەكان و زۆر ئامێری دیكە، لەرێگای وای-فای و بلوتوسەوە كۆنترۆڵی بكەی. بینەر دەتوانێ بە دەنگ و بە خێرایی فەرمانەكان بكا، تەنانەت فەرمانی دەنگی بە هەموو زمانێك. بۆ نموونە كاتێك ئەكتەری فیلمێك سەرنجت رادەكێشی بە تەلەڤزیۆنەكە بڵێی «گشت ئەو ڤیدیۆانەی ئەو ئەكتەرەی تێدایە نیشانم بدە» یان «پێم بڵێ چ شوێنێك وەرزشی تۆپێنی هەیە». پێویست ناكات ناوی كەناڵێك بڵێی دەتوانی پێی بڵێی «ئێستا چ كەناڵێك گۆرانی بڵاودەكاتەوە» یان دەتوانی داوای لێبكەی «هەركاتێك فیلمەكە تەواوبوو بكوژیەوە»..





## هێدفۆنی وایەرلێسی وەرزشی

لەم سەردەمەدا هیدفۆنەكان هەر ئەو ئامێرە بچووكە نین كە لە گوێ دابندرێن و ئەركیان بڵاوكردنەوە مۆسیقاو گۆرانی بێت تەنیا بۆ بەكارهێنەرەكەی، بەڵكو زۆر ئەركی دیكەش وەك، ئامێرێك بۆ تەندروستی و وەرزشكردن، بۆ نموونە دیاریكردنی لێدانی دڵ، پێوانی رێگا و هەنگاوەكان، چۆنییەتی هەناسەكێشان و زانینی رێژەی كالۆری سووتێندراو..تاد..

یەكێك لەو هێدفۆنانە كە لە پیشانگای CESدا نیشاندرا، هیدفۆنی بێ وایەری HA-ET90BT ە كە بۆ ئەوانەی وەرزش دەكەن و لە گۆڕەپانەكانی وەرزشیدان بەرهەم هاتووە. هێدفۆنی ناوبراو بە تەڕبوون تێكناچێت. بەهۆی گیرەیەكی پلاستیكی كە لەسەرەوەی هەر هیدفۆنێك دایە، بە راكردن و جوڵانی زۆریش لە شوێنی خۆی نابزوێت..





## فڵچەی زیرەک بۆ ددان شوردن

ئەو سەردەمە بەسەرچوو كە فڵچەی ددان شوردن تەنیا پێكهاتبێ لە پارچەیەكی پلاستیكی و چەند داوە موویەكی پلاستیكی، ئەمڕۆ تەكنەلۆژیای نوێ هەموو شوێنێكی گرتۆتەوە.

لە پێشانگای ساڵانەی CES2018دا فڵچەیەكی هوشمەند خرایە روو كە بە Smart Electronic Toothbrush E1 ناسراوە. ئەم فڵچەیە بەهۆی سیستەمی وای-فایەوە پەیوەند دەدرێت لە موبایل و بەهۆیەوە شوێنی شوردنی ددانەوە و ماوەی لێدانی فڵچەكەمان پێدەڵێت، ئەگەر شوێنێكیشت لەبیرچووبێت و بەباشی خاوێنت نەكردبێتەوە، فڵچەكە ئاگادارت دەكاتەوە.






# کوداکۆپتەرێک بۆ گرتنی وێنەی رووبەڕوو

کوداکۆپتەر (Quadcopter ) ئەو فڕۆکە بچووکانەن کە تایبەتن بە ئەرکی وێنەگرتن جا بۆ هەرمەبەستێك بێت، لە پێشوودا کۆداکۆپتەرەکان زیاتر بۆ ئەرکی سیخوڕی و نیزامی سوودیان لێوەردەگیرا، ئێستا بۆ کاری تایبەتی و هونەریش سوودی لێوەردەگیرێت، بەتایبەتی لە بواری سینەمادا رۆڵی گرنگ دەبینێت..

کۆداکۆپتەرەکان گەلێك جۆریان هەیە، لە پیشانگای سالآنەی CES2018دا ئەو جۆرە فڕۆکانە شوێنی گرنگیان گرتبوو.. یەکێك لەوانە فڕۆکەی بچووکی selfly بوو کە تایبەت بوو بە وێنەگرتنی رووبەڕوو واتە (سێلفی).

فڕۆکە بچووکەکە لەلایەن کۆمپانیای AEE بەرهەم هاتووە. بەهۆی مۆبایلەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. ئەرکی گرنگی ئەو کۆداپتەرە ئەوەیە بەرلە خاوەنەکەی دەرواتە شوێنی مەبەست و دەتوانی لەوێڕا وێنەبگرێت، بۆ نموونە کاتێك دەچیە سەر چیا دەکرێت کوداپتەرەکە بەرلەخۆت بگاتە لوتکە و لەوێڕا وێنەتان بگرێت..

فڕۆکەکە بچووکە دەتوانی لەناو کەڤەری مۆبایلدا جێگای بێتەوە. کامێراکەی بۆ وێنەگرتن، فیلمگرتن و هەروا پەخشی راستەوخۆ دەگونجێت.. کوالیتیان فول ئیچ دییە. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. دەکرێت وێنەی پانۆرامای پێبگریت. دەکرێت لەسەر شاشەکە شوێنی دیاری بکەی و بە پەنجە دەستنیشانی ئەوێ بکەی فڕۆکەکە راست لەو شوێنە دەوەستێ. دەتوانێت ١٣ مەتر لە خاوەنەکەی دوور بێت و وێنە بگرێت.





# رۆبۆتێک بۆ ئەنجامدانی گشت ئەرکێک

پیشانگای ئەمساڵی CES بەشێکی زۆری بۆ رۆبۆت تەرخان کرابوو، گەلێك کۆمپانیا رۆبۆتەکانیان خستنەڕوو، وەك ئێل جی و تویوتا و سامسۆنگ..تاد. یەکێك لەو رۆبۆتانە رۆبۆتی Aeolus کە تایبەت بوو بە هێنانی خواردنەوەکان..

ئەرکی رۆبۆتەکە رەنگە باڕ و کۆفی و شوێنی خواردنەوەکان بێت، بەکارهێنەر دەتوانێت فەرمانی پێبکات کە چ خواردنەوەیەکی بۆ بێنێت.. کۆمپانیای بەرهەمهێنەر، رایدەگەیەنێ کە ئەرکی رۆبۆتەکە تەنیا هێنانی خواردنەوەییەکان نییە، بگرە دەکرێ وەك هاوکارێك لەماڵەوە ئەرکی پێ بسپێری بۆ دانانەوەی کەلوپەلەکان لە شوێنی خۆی.

رۆبۆتەکە لە ماڵەوە دەسوڕێتەوە، هەر شتێك لە شوێنی خۆی نەبێت هەڵیدەگرێت و لە شوێنی خۆی دایدەنێتەوە، تەنانەت ئەگەر شتێکیشت لێ ون بێ دەکرێت هاوکاریت بکات لە دۆزینەوە. جگە لەوەش دەکرێت لەلای چەپی گەسکێکی کارەبایی دابنێی و خەریکی خاوێنکردنەوەی ماڵەوە بێت.




# سینەمایەک تەنیا بۆ خۆت

ڕەنگە مانشێتەکەی سەرەوە سەرنج ڕاکێش بێت، سینەما بریتییە لە هۆڵێکی گەورە کە تێیدا فیلمێك بە سایزێکی گەورە بە قەد لادیوارێك نیشان دەدرێ و بینەرەکانیشی یەکجار زۆرن.. ئەدی چۆن دەکرێت سینەمایەك بێت تەنیا بۆخۆت.. بەڵێ ئامێری Kopin Eagle ئەرکی سینەمایەك ئەنجام دەدات، بەڵام تەنیا بۆ کەسێك!

ئێستا زۆر ڕێگە هەن کە مرۆڤ ئەو هەموو ڕێگایە نەبڕێت بۆ سەیرکردن فیلمێك بچێتە سینەما، هەرچەندە سینەما خۆی چێژێکی تایبەت بەخۆی هەیە، وەك لەسەر تەلەڤزیۆن، یا موبایل یا کۆمپیوتەر سەیری فیلم بکەی.

ئامێری ناوبراویش یەکێکە لەمانە، بەڵام بەو جیاوازییەی وەك لە سینەمایەی ڕاستەقینە دابی، بەڵام لە دونیای دەرەوەش بێ ئاگا نەبی وەك هۆڵەکانی سینەما.. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئامێرەکە دوو شاشەی هەیە یەکێکیان بۆ سەیرکردنی فیلمەکە ئەوی تریان بۆ بینینی جیهانی دەرەوەی فیلمەکە.. شاشەکان تەنیا نیو ئینجن. بەڵام وەك شاشەیەکی سەد ئینجی سەیر بکەی وایە.. هەر ئەوەندەی دیتمان لەمەولا لەبری موبایل هەرکەسە و یەکێکی لەو سینەمایە لەسەر کردووە و بەرێگادا دەڕوات...



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، ماوەیەکەکۆمپیوتەرەکەم تووشی ڤایرۆسێك بووە بەناوی new-folder هەرچەندی دەکەم ئەم ڤایرۆسە بەو ئەنتی ڤایرۆسانەی لەسەر کۆمپیوتەرەکەمم ناسرێتەوە، چ ئەنتی ڤایرۆسێك ئەم ڤایرۆسە دەسرێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز ڤایرۆسی new-folder یەکێکە لە مەترسیدارترین ڤایرۆسەکان، فایلەکانی سەر فلاش میمۆری و سیستەم دەشارێتەوە. خێرایی سیستەم کەم دەکاتەوە.. بۆ سڕینەوەی ئەم ڤایرۆسە پێویستت بە ئەنتی ڤایرۆسێکی بچووکە بەناوی Newfolder Removal Tool کە بە خێرایی ئەم ڤایرۆسە لەناو دەبات، بە خۆڕایی لە ئینتەرنێت وەریبگرە..




# لە فایلەکانی PDF کتێبێک دروست بکە

فۆرماتی PDF یەکێکە لە باشترین ئەو فۆرماتانەی کە ئەرکەکانی ئاسان کردۆتەوە، چونکە بۆ بەرگریکردن لە کۆپی هەڵگرتنەوە و دوای ئەوەش ناردنی فایلێکی دەق بۆ کەسێکی دیکە ئەگەر بە PDF نەبێت ڕەنگە لەلای کەسەکە بەهۆی نەبوونی فۆنتەکان، یان نەگونجانی دوو سیستەم یا نەبوونی پرۆگرامی پێویست بۆ دەق خوێندنەوە گرفت دروست دەکەن، بەڵام PDF هەموو کێشانە چارەسەر دەکات.

# ئامێرەکانی پاڵاوتنی هەوا




هەوای شارە مەزنەکان بۆ هەڵمژین نابێت، بەهۆی پیسبوونی ژینگەی شارە مەزنەکان و تێکەڵبوونیان بە دۆکەڵی کارگە و ئۆتۆمبیلەکان، ژیانیان ئەستەم کردووە و هەوای پاك نەماوە.. بۆیە لەمەولا دەبێت ئامێرێکی دیکە لە پاڵ ئامێرە تەکنەلۆژییەکانی تر لەماڵەوە هەبێت. ئەویش ئامێری پاڵاوتنی هەوا بۆ ئەوەی هەوایەکی پاك هەڵمژین..

کۆمپانیای LG لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا دوو ئامێری پاڵاوتنی هەوای خستەڕوو، لێرەدا بە کورتی باسیان دەکەین.

ئامێری puriCare کە هەستەوەری چاودێری هەوای تێدایە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی تۆز و خۆڵی ناو هەوا ئەوکاتەی کە لە ماڵەکەدا کەسێك هەبێ هەڵدەمژێ، واتە



# ماوسێکی تایبەت کێشی کەم و زیاد دەکات

لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا چەندین ماوسی بە تایبەتی جیاوازەوە خرانەڕوو، یەکێك لەوانە ماوسی گەیمی Rival 600 بوو. ماوسێك کە بەکارهێنەر بە ویستی خۆی دەتوانێت کێشی کەم و زیاد بکات و هەروەها وردبینیەکەی یەکجار زۆرە وردبینی CPI 12000 ئەمەش بۆ ماوس یانی خێراییەکی یەکجار زۆرە..

تایبەتمەندییەکی دیکەی ماوسەکە ئەوەیە کە بەکارهێنەر دەتوانێت ماوسەکە لە هەواشدا بجوڵێنێ، یانی ئەگەر ماوسەکە بەدەستەوە بگرێت و لەسەر پەدیش نەبێت، دیسان دەتوانێت کاری پێبکات، ئەم تایبەتمەندییە بۆ ئەوە باشە کە جار هەیە بەکارهێنەر لەگەڵ دەستی خۆی ماوسەکە لە شوێنی خۆی لادەبات.. تایبەتمەندییەکی دیکەش ئەوەیە بەکارهێنەر دەتوانێت هێمای ماوس کە لەسەر شاشەیە وەك (تیر)ێك دەچێت لە شوێنی خۆی بوەستێنێ و جوڵەی پێنەکات، چونکە زۆر جاران ئەو هێمایە بێ ئەوەی بەکارهێنەر بێت بۆ ئەم لاو ئەولا دەڕوات..

هەشت تۆپی بچووکی ٤ گرامی لەناو ماوسەکەدایە، بەکارهێنەر دەتوانێت بەهۆیانەوە کێشی ماوسەکە کەم و زیاد بکات.



## سایتێک بۆ کردنەوەی فایلە زیپەکان

سایت یان ستۆدیۆیەکی ئۆنلاین
گەلێك سایت هەن کە تایبەتن بە موزیك و فێرکردنی مۆسیقا و لێدانی ئامێرەکانی موزیك... سایتی /https://www.soundtrap.com یەکێکە لەم سایتانە..

بەشێك لە ماڵپەڕەکە بە خۆڕاییە و بەشێکی دیکەشی بە پارەیە، لەو سایتەدا هەم فێرخوازان و هەم فێرکاران و مامۆستایانی مۆسیقی دەتوانن بەشدار بن، وانەکانیان بڵێن یا گوێ لە وانەکان بگرن، ئەم ماڵپەڕە پرۆگرامێکی تایبەتیش هەر بەو ناوە هەیە دەتوانرێت لەسەر موبایل دایبەزینی و هەروەها دەتوانی بە مایکی موبایل یان کامێرا پارچە موسیقاکانی خۆت تۆمار بکەی، هەروەها دەتوانی هەر لەم سایتەدا بەرهەمەکانت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبکەیەوە..

پرۆگرامەکانی خوێندنەوەی فایلی PDF و دروستکردنی فایلی PDF گەلێکن.. بەڵام ئەو پرۆگرامانەی کە ئەرکیان تایبەتە بە تێکەڵکردنەوەی فایلەکانی PDF کەمن، یەکێك لەو پرۆگرامە گرنگانە کە دەکرێت بەهۆیەوە فایلەکانی PDF تێکەڵ بەیەك بکرێن، پرۆگرامی CoolUtils PDF Combine ە، بەهۆیەوە دەکرێت چەند فایلێکی pdf یان چەند لاپەڕەیەکی pdf لە چەند فایلی لێکجیاواز بکەی بەیەك فایل، تەنانەت لە چەندین فایلی pdfەوە کتێبێك دروست بکەی.

تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامی ناوبراو ئەمانەن:

- توانای دانانی ڕێکەوت و ژمارەی لاپەڕەکان
- توانای تێکەڵکردنی لاپەڕە جۆراوجۆرەکان لە فایلە جۆرەکانی PDF.
- توانای زێدەکردنی header و footer بە لاپەڕەکانی pdf.
- پشتیوانی کردن لە چەندین زمان.

## دەبنە پێداویستی ژیان؟!



بەو مانایەی ئەگەر کەسێك لەماڵەوە نەبێت ئامێرێکە کار ناکات.. نە تەنیا ئەوە ئەگەر هەست بەوە بکات هەوای ماڵەوە پاکە و پێویستی بە پاککردنەوە ناکات، ئامێرێکە کار ناکات.

ئامێرەکە بە هەر چواردەوری خۆیدا دەسووڕێت. پاککەرەوەیەکی بەهێزە.. دەتوانێت هەوای پیس ئەگەر زیاتر لە حەوت مەتریش دوور بێت هەڵمژێت، ئەو ئامێرە بۆ ژوورە گەورەکانیش دەگونجێت..

ئامێرێکی دیکەی LG ئامێری جۆری dualcool thinQ بوو. ئامێرێك کە بە دەنگی ئەندامانی ماڵەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەندامانی ماڵەوە دەتوانن پێی بڵێن تکایە هەوا پاك بکەوە، ئیدی ئەویش دەست بەکار دەکات. ئامێرەکانی پاڵاوتنی هەوا دەنگیان هەیە، بەڵام ئەو ئامێرەی ئاماژەمان پێدا دەنگێکی ئەوتۆی نییە. بەپێی کەمی و زۆری ئەندامانی ماڵەوە کار دەکات، ئەگەر ئەندامانی ماڵەوە زۆر بن، زیاتر هەوای پاك بەرێ دەکات.